# لەسویسرا هەڕەشە لەو کەسانە دەکرێت کە لەدژی دەنگدان دەدوێن

هێمن رەئوف ، سویسرا
hemnrauf@hotmail.com

کوردستانتان لێکردینە دۆزەخێکی گەورە ، بە ناچاری لە تاو خۆکوژی و گەندەڵی وخیانەت وبێبنەماییتان پریاسکەی خەممان کردە کۆڵ و ڕوو لە هەندەران هەنگاوماننا ، لێرەیش زۆربەی لاوەکانمان تەنهایی وبێکەسی ودووری کەسوکارو نیشتیمان هەراسانی کردوون . چەندین گەنجی خوێن گەرمو دڵ پڕ لە هیوا، هۆشو بیریان بوو بە قوربانی ئەم نامۆییە و لە کلینیک ونەخۆشخانە دەرونیەکاندا ژیانیان دەبەنەسەر. چەندانی تر توشی کاری نایاسایی ونا مرۆڤانە هاتوون وەک فرۆشتنی ماددەسڕکەرەکان و پیاو کوشتن وقاچاخچێتی وزۆر کاری ناشیاوی تر ،کە ئێستا لە بەندیخانە کاندا دە گوزەرێن . جگە لەوانەی کە لە دەریاکاندا خنکان یان لەماڵەکەی خۆیاندا هاتن بەلادا و کەسێ نەبوو گوێ لە دوا پەیڤیان بگرێت ، یان لەبێزاری وبێچاریدا پەنایان بردە بەر خۆکوشتن ..

ئەمانەو زۆر ڕووداوو زۆر ئەزمەی تر کەبەشێکی کوردستانییان لە تاراوگە پێوەی دەناڵێنن کەئێستا ناتوانم لەم بابەتە کورتەدا بیخەمە روو. هەمووی لە ئەنجامی ئەو نا عەدالەتییەیە کە ئێوەی دەسەلاتدار ناچارتان کردوون نەگەڕێنەوە کوردستان ، بە هۆی ئەو گەندەڵی و ناقانونییەی لە ژێر چاودێری گەورە بەرپرسەکانتاندا ئەنجام دەدرێ ونەبونی خزمەت گوزاری پێویست و ڕێگە نەدان بە ئازادی ڕادەربڕین . لێرەیش هیچ شانسێکی ئەوەیان نیە ئاسایی ژیان بەسەر بەرن هەرکارێک گران بێت یان بەشیاوی نازانن بۆ خۆیان پاشان دەیاندرێتێ ، ئەوە خوێندن و میهنەیەک بۆ کەسێک کە مافی پەنابەرێتی نەبێ زۆر گرانەو بە دەگمەن دەتوانن دەستیان بیگاتێ..

سەرەڕای ئەم هەموو نایەکسانی و ناهەموارییەی خەڵکی کوردستان لێرە دەیبینن پارتەسیاسییەکان دەیانەوێ لیرەیش دەسەلاتیان بەکار بهێنن و بەترساندن و هەڕەشەی زمان برین دەیانەوێ دەنگیان کۆبکەنەوە بۆئەو هەڵبژاردنەی کە هیچ بنەمایەکی نیە کە هیچ خزمەتێک بە دۆزی ڕەوای نەتەوە ماف خوراوەکەمان ناکات . ئێمە کۆمەڵێ لاوی رۆشنبیر و خوێندەوار بڕیارماندا لە بەر ئەوەی گەلەکامان بە دەردەکەی سوننە نەچێت کە چۆن بوو بووە گاڵتە جاڕی حکومەتەکەی جەعفەری، بێدەنگ ببین وهیچ نوسین وباسێک لەسەر دۆزی هەڵبژاردن نەخەینە روو ، کە ئەمە وەک ئەرکێکی نیشتیمانی دەیبینین کەچی لەلایەکی ترەوە لێپرسراو و کاربەدەستەکانیان هەڕەشەی بێمانا لە وکەسانە دەکەن کە لە وێستگەو شوێنە گشتییەکاندا کە کوردانی تیا کۆدەبێتەوەکە باسی گەندەڵی وخیانەتی ئەو دوو پارتە دەسەلاتدارە دەکەن .

ئەمە لە کاتێکدایە لە بەرنامەی کاری لیستە کەیاندا کۆمەڵێ دەستە واژەی خەیاڵی دەبینرێت و خەڵکی هەژار و نەخوێندەواری کوردستانی پێ چەواشەدەکەبۆیە لەم نوسینەوە ڕاستەو خۆ بەو کەسانەی ئەو جۆرە کارە دەکەن دەڵێم ئەو بە کۆیلە کردن و ستەم کاریەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەیکەن ، لێرە بۆتان ناکرێت و توشی یاساو دادی ئەم وڵاتە دەبن ، جا لەبەر ئەوە دووبارە نەکردنەوەی ئەو هەڕەشەو گوڕەشەیە یار مەتیتان دەدات بەڵگەی ئەو ڕاستییانەی لەسەرەوە باسمانکرد بە نهێنی بمێنێتەوە و ئەم جارەیش بیکەینە قوربانی چڵە گیایەکی سەر گۆڕەکەی شەهید ئارام و خۆڵو بەردی سەر گۆڕەکەی مامە

**ڕیشەی نەمر.**

**خەڵکی کوردستان بەزەیی بەخۆیی وبە ئێوەدا دێتەوە کە دەچن بۆ دەنگدان ، ئەمەیش دواهەمین شانسی گەندەڵی و نایەکسانی ونا عادیلیتانە بۆیە یان چاکسازی یان ئەبێ چۆڵی بکەن ......**

08.12.2005